# ئەگەر یەکێک لە ئێوە دەستنوێژی گرت؛ ئەوا با ئاو بکاتە (هەڵبمژێتە) نێو لوتیەوە وپاشان دەری بکات، وئەگەر بەردی بەکارهێنا بۆ خۆ پاککردنەوە؛ ئەوا با (ژمارەی بەردەکان) تاک بێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر یەکێک لە ئێوە دەستنوێژی گرت؛ ئەوا با ئاو بکاتە (هەڵبمژێتە) نێو لوتیەوە وپاشان دەری بکات، وئەگەر بەردی بەکارهێنا بۆ خۆ پاککردنەوە؛ ئەوا با (ژمارەی بەردەکان) تاک بێت، وئەگەر یەکێک لە ئێوە هەستا لە خەو؛ ئەوا با دەستی بشوات پێش ئەوەی بیخاتە نێو (دۆلکەی) ئاوی دەستنوێژگرتن، چونکە یەکێک لە ئێوە نازانێت شەو دەستی لە کوێ بووە». ولە گێڕانەوەی [مسلم]دا هاتووە: «ئەگەر یەکێک لە ئێوە هەستا لە خەو، با دەستی نەخاتە نێو دۆڵکەی ئاوەکە ؛ هەتاوەکو سێ جار دەیشوات، چونکە نازانێت شەو دەستی لە کوێ بووە».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەندێك لە حوكمەكانی پاكوخاوێنی (الطهارة) ڕوونكردەوە، لەوانەش: یەكەم: هەركەسێك دەستنوێژ بگرێت دەبێت ئاو هەڵبمژێتە نێو لوتیەوە بە هەناسە، پاشان هەر بە هەناسە دەری بكات. دووەم: ئەوەی دەیەوێت خۆی پاك بكاتەوە پاش سەرئاو كردن بەشتێكی تر جگە لە ئاو وەكو بەرد وشتی تر؛ دەبێت ژمارەی تاك بەكاربێنێت، كەمترینیان سێ دانەیە وزۆرترینیان هێندەی ئەوەیە كە پیسیەكە دەبڕێت وشوێنەواری نامێنێت. سێیەم: ئەوەی لە خەو هەستێت ؛ نابێت دەستی بخاتە نێو ئەو دۆڵكە ئاوەی دەستنوێژی پێ دەگیرێت هەتاوەكو دەستی سێ جار دەشوات لە دەرەوەی دۆڵكەكە، چونكە شەو نازانێت دەستی لە كوێی بووە، بۆیە دوور نیە لەوەی پیسی بەسەرەوە بێت، یان لەوەیە شەیتان یاری پێكردبێت وشتێكی بۆ سەر هێنا بێت كە زیانی بۆ مرۆڤ هەیە یان ئاوەكە پیس دەكات.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee